کەمیسیۆن بۆ فۆرمی وادەی دەنگدانی تایبەت و دەستپێکردنی ماوەی بەدەنگی هەڵبژاردن دیاری دەکات

وتەبێژی کەمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان دەڵێت، ژمارەی ئەو کەسانەی لە دەنگدانی تایبەت مافی دەنگدانیان هەیە ١ ملیۆن و ٣١٣ هەزار و ٨٥٩ کەسە.

ئەمە پێنجشەممە ٣٠ـی تشرینی یەکەمی ٢٠٢٥، جومانە غەلای، وتەبێژی کەمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان لە ڕاگەیەندراوەکدا کەدەستی موتابیع کەوتووە باویکردەوە، دەنگدانی هەڵبژاردنی تایبەت لە کاتژمێر ٧ی بەیانی ڕۆژی یەکشەممە ٩ی مانگی داهاتوو دەستپێدەکات، کارمەندانی دەستەی دەروازە سنوریەکان، وەزارەتی ناوخۆ، وەزارەتی ناوخۆی هەرێم، دژە تیرۆر، وەزارەتی پێشمەرگە، وەزارەتی بەرگری و حەشدی شەعبی لەخۆدەگرێت.

وتیشی، ژمارەی ئەو کەسانەی لە دەنگدانی تایبەت مافی دەنگدانیان هەیە ١ ملیۆن و ٣١٣ هەزار و ٨٥٩ کەسە.

سەبارەت بە کۆتایی هاتنی بانگەشەی هەڵبژاردن، دەڵێت، کاتی بەدەنگی هەڵبژاردن لە کاتژمێر ٧ی بەیانی ڕۆژی شەممە ٨ی تشرینی دووەم دەستپێدەکات و هەر کاندیدێک یان لایەنێک یان هاوپەیمانییەک ماوەی بەدەنگی هەڵبژاردنەکان پێشێل بکات، بەپێی ڕسا و یاسای کارپێکراو سزا دەدرێت.

ئەمەش لە کاتێکدایە، بەیارە ١١ی تشرینی دووەمی ٢٠٢٥، هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق بەڕێوەبچێت.